# جەماوەری شاری سلیمانی بە دژی بڕیاری زیاد کردنی نرخی سووتەمەنی دێنە مەیدان و لەگەڵ ئاسایشی سلیمانیدا دەرگیر دەبن.

ئەمڕۆ سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ بە بانگەوازی دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵکی سلێمانی زیاتر لە هەزار کەس لە خەڵکە تووڕەو ناڕازی لەبەردەرکی سەرا لە ناوەندی شاردا بە مەبەستی بەڕێخستنی ڕێپێوان لە دژی بڕیاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنیەکان کۆبوونەوە.
دەزگای ئاسایشی یەکێتی کە ترسی لە فراوانبوونەوەی مودای ناڕەزایەتیەکانیان هەبوو و وەك پیشەی سەرکوتگەرانەی هەمیشەیی خۆی بە بیانووی ئەوەی ئەم خۆپیشاندانە لە لایەن حزبی کۆمۆنیستەوە ڕێکخراوەو گوایە ئیجازەی ڕەسمی نیە، کەوتنە ڕێگری دروستکردن بۆ کۆبوونەوەکەو هەوڵدان بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵك و کۆکردنەوەو دڕاندنی لافیتەکانی دەستی خەڵك. ئەم کارە سەرکوتگەرانەیەی ئاسایشی یەکێتی خەڵکی زیاتر تووڕەکردو خۆپیشاندەران بۆ دەربڕینی بێزاریان کەوتنە هوها کێشان لە چەکدارەکانی ئاسایش.
ئاسایشی سلێمانی بۆکۆنترۆڵ کردنی تووڕەیی خەڵك و پاشەکشە کردن پێیان هەوڵیان دا چەند کەس لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکە دەستگیر بکەن. زمناکۆ عزیز، أکرم محمد، نوزاد بابان و عیسی عبدالله لە لایەن چەکدارەکانی ئاسایشەوە داوایان لێکرا کە سواری سەیارەی ئاسایش بن. هەڵسوڕاوان ئەمەیان ڕەتکردەوە. سەرەنجام ئاسایشەکان ئەوانیان بە پێ بەرەو دەزگای ئاسایش برد. لە کاتی حەرکەت کردنیان جەماوەرێکی زۆر شوێنی ڕابەڕانی خۆیان کەوتن و سەرەڕای هەوڵی چەکدارەکانی ئاسایش ئامادە نەبوون پشتیان بەربدەن. هەنگاوانی یەکپارچەی خەڵك خەریك بوو ببێتە ڕێپێوانێکی جەماوەری لە ناو شارەوە بەرەو بینای دەزگای ئاسایش و خەڵك دووبارە هوهای لە ئاسایش کێشاو خوازیاری ئازادکردنی هەڵسوڕاوان بوو. کە سەرەنجام لە ژێر فشاری خەڵکدا چەکدارەکانی ئاسایش ناچار بوون هاوڕێیان ئازاد بکەن و بە بێ ئەوەی هیچ کەس دەستگیر بکرێت خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ کاتێکی تر دواخرا.
ئێمە لە کاتێکدا کە هەوڵی سەرکوتگەرانەی دەزگای ئاسایشی سلێمانی کە سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە مەحکوم دەکەین. ئەمە بە بەڵگەیەکی تری هاوکاری و دەست تێکەڵ کردنی دەسەڵاتدارانی سلێمانی لەگەڵ حکومەتی عیراق دەزانین بۆ جێبەجێکردن و جێخستنی بڕیاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنیەکان. حکومەتی یەکێتی لە سلێمانی بە مەبەستی خۆڵکردنە چاوی خەڵك ڕایگەیاندووە کە ئەو لەگەڵ ئەم بڕیارەی حکومەت کۆك نیەو ڕەتی دەکاتەوە. ئەگەر کەسانێکیش مابن تا ئێستا لەوە غافڵ بووبن کە تاڵەبانی وەك سەرکردەی یەکێتی و سەرۆکی حکومەت مەسئولیەتی ڕاستەخۆی ئەم بڕیارە هەڵدەگرێت و ئەمە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی یەکێتی لە سلێمانی بۆ چاوبەستەو هیچی تر، ئەوا ڕەفتارەکانی دەزگای ئاسایشی سلێمانی بۆی ڕوون دەکاتەوە کە یەکێتی و حکومەتەکەی لەم بڕیارەی حکومەتە جەردەکەی بەغدادا شەریکن و ئامادەن لە پیناوی جێبەجێکردنیدا خەڵکی شاری سلێمانی سەرکوت بکەن.

## جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان، خەڵکی بێبەش و مافخوراوی کوردستان:

لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە دژی خەڵکیەکانی حکومەتە جەردەکەی جەعفەری وەرنە مەیدان و یەك دەست لە بەرامبەر جەردەو خوێنخۆرەکانتان بە هەر زمانێك قسە دەکەن و هەر ئیدیعایەك دەکەن ڕاوەستن. کوردایەتی نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم هاوکاری یەکێتی و پارتی لەگەڵ کۆنەپەرستترین هێزی عروبی و ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تاڵانکاری و هەژارکردنی ئێوە، دەسا ئێوەش لەگەڵ باقی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عیراق بە ڕیزێکی یەکپارچە لە دەوری خواستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری زیاد کردنی نرخی سووتەمەنی لە عیراق کۆببنەوە. لە پێناوی یەکانگیرکردنی ڕیزەکانتان لە سلێمانیەوە تاکو بەصرا لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وئاڵای دیفاع لە خواست و بەرژەوەندیەکانتان کە بە دەستی ئەم حزبەوەیە کۆببنەوە.

***هەڵوەشێتەوە سیاسەتی تاڵانکردن و برسیکردنی جەماوەر!***
***بژی ئیرادەی ئازاد و یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەرانسەری عیراق!***
***فراوانبێتەوە مەودای جووڵانەوە ناڕەزایەتیەکان.***

**ڕێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق**

2005-12-21